# جینۆسایدی کوردو پرۆسەی نوسین ودیکۆمێنتاری

بەروار :تشرینی یەکەم 03, 2014

**بەشی :دیمانە**



عومەر محمد، نووسەرو چالاکوان، سەرنووسەری گۆڤاری "ئەنفالستان"، قەڵەمێکی دیارو بوێری نووسین و لێکۆڵینەوەو کاری دیکۆمێنتاری بواری ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد. دوای ڕێکەوتن لەسەرشوێن و جێگای تۆمارکردنی ئەڵقەیەکی نوێی بەرنامەی "جینۆساید"، دیدارەکەمان سازداو بۆماوەی دیاریکراوی بەرنامەکە، گفتوگۆمانکرد. پوختەی گفتوگۆیەکەمان ئەمەی خوارەوەی لێبەرهەم هات.

سازدانی دیمانە: تەها سلێمان

**تەها سلێمان: ڕوئیای عومەر محمد هەم وەک نووسەر هەم وەک چالاکوانێک لەبواری جینۆساید چییە؟ بۆ جینۆساید بەشێوەیەکی گشتی و جینۆسایدی گەلی کورد بەشێوەیەکی تایبەت؟**

عومەر مەحمەد: جینۆساید بەشێوەیەکی گشتی وەکو ئەوەی کە لەپەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتووە، بەمەترسیدارترین جۆری تاوان لەدژی ئابرووی مرۆڤایەتی دەژمێردرێ و لەباری یاسایشەوە گەورەترین پێشێلکاری مافی مرۆڤە، کەهەموو لایەنەکانی پێشێلکاری دەگرێتەوە، هەم لەسوکایەتی پێکردن تادەگاتە ئاستی کۆمەڵکوژی یا پاکتاوی ڕەگەزی گروپێک جا نەتەوەیی یاخود ئاینی یان ڕەگەزی بێت، لەڕاستیشدا خەتەرناکترین جۆری تاوانە دەرهەق بەمرۆڤ و تەنانەت بەژینگەش، بەڵام جینۆسایدی کورد ئەم پەیماننامانە یا ئەم تێگەیشتنە لۆژیکیە چ لەسەرئاستی نێودەوڵەتی چ وەکو واژۆکەرانی پەیماننامەکە بەفریای نەکەوتن، جینۆسایدی کورد ئێستا لەدادگای باڵای تاوانەکان چوار دۆسییەی یەکلایی کراوەتەوە، کەبەشێوەیەکی یاسایی ساغکراوەتەوەو ئەگەربێت و دادگایەک بکەوێتە سەرپێی خۆی یا دادگاکان بکەونە لێکۆڵینەوە چەند دۆسییەیەکی تر لەسەردەمی دروستبونی دەوڵەتی عێراقەوە، دەرهەق بەگروپێک کەپێکهاتەی دەوڵەتی عێراق پێک دەهێنن یا سەرەکیترین پێکهاتە لەدوای عەرەبەوە پێکهاتەی کوردە بەرشاڵاوی جینۆسایدکەوتووە، تایبەتمەندییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد لەچەند لایەنێکەوەیە؛ ڕاستە ئەنفال چوەتە لوتکەی تاوانی جینۆساید لەکوردسستانی باشوور، بەڵام بێجگە لەتاونی جینۆساید تاوانێکی تر هەیە کەئەویش تاوانی نێودەوڵەتییە کەزۆرکەم باس دەکرێ، ئەویش تاوانی (ئیکۆساید)ە یا پیسکردنی ژینگە چ بەوەی کەچەکی قەدەغەکراو لەپەلامارەکانی ئەنفال و لەتاوانی کیمیابارانکردنی شاروگوندەکانی کوردستان بەکارهاتووە و چ بەوەی کە ژینگەی پیسکردووە، بەتەرم چ تەرمی ئەو مرۆڤانەبێ کەبەشێوەیەکی گشتی لەگۆڕی بەکۆمەڵ نێژراون چ تەرمی ئەو پەلەوەرو ئاژەڵە کێوی وماڵیانەی کە لەسۆنگەی چەکی کیمیاویەوە گیانیان لەدەستداوە، ئێمە

ئەم لایەنەمـان فەرامۆشـکردووە لەتـاوانی جینۆسـایدی کـورددا، کەئەشـێ بەڕاسـتی ئەوانەی کەتایبەتمەندن لەبواری ژینگە پارێزیدا زیاتر بەدوایدا بچن وکاری لەسەربکەن .

**تەهـا سـلێمان: چـۆن بتـوانین فەرامۆشـکردنی ئەم لایەنەی جینۆسـایدی گەلـی کـورد لەپەراوێزخستنەوە بیخەینە سەر ڕێڕەوی کارکردن؟**




عـومەر مەحـمەد: بەبـڕوای مـن ئەوە پەیوەندی بەتێگەیشتنی کۆمەڵگای کوردی و لەپێشیشـەوە بەنوخبەی کۆمەڵگای کوردییەوە هەیە، بەوەی کەچـۆن دەڕوانێـتە ژیـان؟ مافەکـانی مـرۆڤ؟ هەڵـبەت ژیـنگە پەیوەنـدییەکی ڕاستەوخۆی بەمافی مرۆڤەوە هەیە، واتە کۆمەڵگایەک کەلەژینگەیەکی پیسدا بژی یا ڕێزی شوێنی ژیانی خۆی نەگرێ، بەڕاستی پێدەچێ تێگەیشتن لەئاستی ژینگە یاپیسبونی ژینگە بەشێوەیەک لەشێوەکان نەبەستێتەوە بەپێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤەوە، ئاستی تێگەیشتنی تاکی کورد یاکۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتی لەسەرمافەکانی خۆی، چین ئەوانەی کەئەبێ مرۆڤ لەدوای ئەم تـاوانە جینۆسـایدەی کە ئـێمە قسـەی لەسـەر دەکەیـن کۆمەڵگـایەکی تەندروست دروست بکات.

**تەهـا سلێمان: ئەگەر ئەمە پەیوەست بکەیـن بەشتێکی ترەوە کەلەوڵامـی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەت بۆکرد، ئێمە تەنها لەبۆنەو یادەکان وا ڕاهاتوین ووتار بدەین مەراسیم بگێڕین خەڵک لەبەردەم سۆزوشین و گریان و ڕۆڕۆ ڕابگرین، ئەمە هۆکاری پلە یەک نییە بۆ پەراوێزخستنی ئەولایەنە گرنگەی جینۆسایدکردنی گەلی کورد کە باسمانکرد؟**

عومەر مەحەمەد: پرسیارەکەی بەڕێزت لەوێدا گرنگە کەئێمە تەنها کاتێکمان هەیە بۆ قسەکردن لەسەر ئەوتاوانە نێودەوڵەتیانە، کەکاتی بۆنەکانە. لەڕاستیدا ئێمەکاتێکی زۆر زۆرمان پێویستە بـۆ ئەوەی کە ئـێمە خـودی تـاوانەکە بناسـین و ڕێزلەقوربـانییەکەی بگـرین ودواجـار ڕێـز لەوکەسـانە بگـرین کەلەدوای ئەوتـاوانەوە مـاونەوە، چـونکە دواجـار تـاوانی جینۆسـاید ئەگەرئەنفـال بەنمـونە بهێنیـنەوە ڕاسـتە لەقۆنـاغی یەکەمـدا پاکتـاوکردنی گونـدەکان ئەو شوێنانەبون کەدەستنیشـان کرابوون بەناوچەی قەدەغەکراو دانرابوون، بەڵام ڕەنگە قۆناغی دوای ئەوە پاکتاوکردنی کۆی کۆمەڵگای کوردی بوایە، وایە؟ ئێمە پێویستە بۆ ناسینی ئەوەی کەبەعس بەتەمـای چیبـوو تەنانەت سیسـتەمەکانی دوای بەعس بەتەمـای چـین دەرهەق بەم گـروپەی کەدەستنیشـانکراوە بۆجینۆسـاید، ئەنفـال بناسـین و لەپێشـەوە بەعـس بناسـین یائامڕازەکانی بناسین و پەیوەستی بکەینەوە بەوەی کەلەکوێدا پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ دەستیان پێکردووەو چۆن هەنگاوی ناوە بۆئەوەی بگاتە ئاستی کۆمەڵکوژی، چونکەدواجار جینۆسـاید بچـوکترین هەنگـاوی لەپێشـێلکردنی مـافی مـرۆڤەوە دەسـت پێدەکات، کەببینەوە سەرقسـەکەی (کەنعـان مەکیە) کەبەڕێزێکـی زۆروە ئامـاژەی پێدەکەین کەوتویەتی: بێدەنگی لەئاسـت پێشـێکارییەکان یـا تاوانەکـان وا ئەکـات کەرژێمێکـی تۆتالیتـار یـا دیکتـاتۆرییەت

قەڵەوتربکەیت و ملهوڕتری کەیت، بێ دەنگبیت لەئاستی ئەوەی کە تاوان و ملهوڕییەکانی هەڵدەکشێن بۆئاستی تاوانی جینۆساید، کەنعان دەڵێ ئەوە دیکتاتۆریەتی سەدام نەبوو کەعێراقی بێدەنگکردبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوە بێدەنگی کۆمەڵگابوو کەدیکتاتۆرییەتی سەدامی دروستکرد، ئێمە کەتوانیمان لەکۆی دۆسییەکە تێبگەین و لەقەوارەی تاوانەکە تێبگەین و لەئاستی کۆمەڵکوژییەکە تێبگەین پێویستمان بەوەیە کەمافەکانی خۆمان بناسین. پاشان کاریگەری ئەوکۆمەڵکوژییە ئەتوانێ پەرچەکردارمان پێدروستبکات، چۆن؟ بۆ نموونە؛ من چۆن بتوانم بچمە یادی ئەنفالەوە کەهێشتا خۆم نیازو خەیاڵەکانم هەمان نیازی بەعسییەک بێت، مەبەستم ئەوەیە کەتۆ چۆن پەرچەکردارت هەبێ لەبەرامبەر عەرەبێکدا یاجاش یاتۆمەتبارێکی ئەنفالدا! من ئەگەر خۆم بڕوایەکی قوڵم بەمافی مرۆڤ نەبێ چۆن خەڵکێکی تر کەبڕوای بەمافی مرۆڤ هەیە ئەوفرمێسکانەم لێقبوڵبکات، کەبۆقوربانییەکانی دەڕێژم کە لەبیابانەکان دەست و پەنجەیان بەلم تێکەڵبوو؟ واتە من ئەگەر بمەوێ بەڕاستی ڕێز لەئەنفال بگرم و لەئەنفال تێبگەم بەڕاستی ئەبێ ڕێز لەئەویتر بگرم و ڕێزلەبەرامبەرەکەم بگرم و دواجارئێمە ڕێز لەو ژینگەیە بگرین کەتێیدا ئەژین، بۆ نموونە من کەلەسەرشەقام ئەبینم کەسێک دەبەیەک ئاو فڕێ ئەدات ڕەنگە هی ئەوەبێ کەمن زۆر خەریکی ئەم دۆسیەیەم راستەوخۆ هەست ئەکەم سوکایەتی بەئەزمونی ئەم هەرێمە ئەکات. سوکایەتی بەوقوربانیانە ئەکات کەلەسەردەمی بەعسدا گیانیان لەدەستدا، دواجارئێمە بۆدەمانەوێ لەستەمکارییەک رزگارمان بێت؟ بۆئەوەی ستەمکارییەکی تر دروست نەبێت، ئێمە ژینگەیەکی جوان دروست بکەین چی لەوەی دەسەڵاتی تەندروست کۆمەڵگا بەڕێوە دەبات چی لەوەی تاکی تەندروست ڕێز لەکۆمەڵگا دەنێ.

**تەها سلێمان: ئامادەنەبوونی پرۆسەی بەعس ناسی ئەگەر بەلێکدانەوەی بەرێزت بێ کە باستکرد دەبێتە هۆکارێک بۆ ئامادەنەبوونی نەناسینی فەلسەفەی ئەنفال و خودی کردەکە، وەک بەشێک لەپڕۆسەی جینۆسایدی گەلی کورد، لێرە بەرپرسیارییەتی دەکەوێتە ئەستۆی کێ؟ ئایاکۆمەڵگا بەتێکڕا ئەم بەرپرسیارێتیە هەڵدەگرێ؟ یان دەستە بژێرێکی خوێندەوارو روناکبیر یان بەشێک لەم بەرپرسیارێتییە دەگەڕێتەوە بۆدەسەڵات یادەگەڕێتەوە بۆ پڕۆسەی نوسین و لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەتێکڕای ڕەهەندە جیاجیاکانی  پرۆسەی بەعس ناسی و بەئاراستەی ناسینی فەلسەفەی ئەنفال وەک بەشێک لەپرۆسەی جینۆسایدی گەلی کورد دواتر دروستبوونی کۆدەنگی لەئاستی ئەم تاوانە؟**




عومەر مەحەمەد: هەر هەموویان، بەڵام بەپلەی یەکەم کۆمەڵگای کوردی کەدواجار دەسەڵاتێکی بەرهەمهێناوە کەکۆمەڵگا بەڕێوەدەبات، بەڵام ئێمە وافێربوین کە بەرپرسیارێتی یەکەم بخەینە ئەستۆی حکومەت لەڕاستیشدا وایە، بەڵام من کەدەڵێم بەرپرسیارێتی یەکەم لەئاستی کۆمەڵگایە بۆ ئەوەنییە کەحکومەت یادەسەڵاتی سیاسی نادیدە بگرین بەپێچەوانەوە من بەرپرسیارێتیەکە بۆیە دەخەمە ئەستۆی کۆمەڵگا، لەبەر ئەوەی خۆی بەرهەمی حکومەتێکی نەکردووە کەبەڕاستی هەنگاو بنێ بۆئەوەی ئەنفال بناسێ یا برینەکانی بناسێ، دواجارهەموو ئەودەستە بژێرانەی کەباستکرد هەموو ئەو دامەزراوانەی کەباستکردو ئەوتاکانەی کەبەڕێزت باسی دەکەیت هەموومان بەرپرسیارێتیمان لەئەستۆیەو هەمووشمان کەمتەرخەمین، ڕەنگەهیچ تاکێک نییەتی خراپی نەبێت، کورت بێنێ لەهەوڵەکانیدا، بەڵام لەبەرئەوەی حکومەت بەدامەزراوەیی کاری لەسەرئەوە نەکردووەو بەشێوەیەکی کۆنکرێتی نەبوەتە خەم و خەونی و دەسەڵاتی سیاسی لەهەرێمی کوردستان نەیویست بەعس تێپەڕێنێت، لەبەرئەوە نەشیویست ئەم لێکۆڵینەوەو لێ توێژینەوەو تێپەڕاندنی هەمان دیدوتێفکرینی ئەنفال بکەین بەخەمی خۆمان، ڕاستەئێستا لەسەردەمی بەعس ناچێ خەڵک کیمیاباران و کۆمەڵکوژناکرێ، بەڵام کاتێک کەزەمینە دروست دەبێت ڕەنگەهەمان نییەت هەبێ و هەمان جەلادت بۆدروست بێتەوە لەچوارچێوەی هەمان حکومەت کەجینۆسایدی کردی.

**تەها سلێمان: بەڵام بیرت نەچێ کلتوری بەعسیزمانە تائێستا لەنێوجومگەکانی حوکمڕانی لەعێراق بەشێوەیەکی گشتی و تەنانەت ئەگەرنموونەکە بەراوردکاری پێنەکەم بەڵام لەعەقڵییەتی کۆمەڵێک تاکی خودی کۆمەڵگای ئێمەشدا بەردەوامی هەیە؟**

عومەر مەحەمەد: بەردەوامی هەیەو ئێمەش ڕەخنەکەمان لەسەرئەو بەردەوامییەیە، ئێمە دەڵێین ئەبێ شەرم لەکلتووری بەعسیزم بکەین، بەعس وەکو حکومەت و دامەزراوە ڕۆیشت، بەڵام وەک فەلسەفەو ئەخلاق ئامادەیە بەدیوەناشرین و ستەمکارییەکەی بەردەوامی هەیە، ئێمەدەبێ لەخودی خۆمانەوە لەخانەوادەکانمانەوە لەفەرمانگەکانمانەوە تائەگاتە وەزیرێک یابەڕێوەبەرێکی گشتی هەڵسوکەوتی بەعسیانە لەبنەوڕا هەڵتەکێنین، ئێمە لێرەوە دەتوانین ڕێزلەقوربانییەکانمان بگرین. کاتێک کەبەڕاستی هەڵسوکەوتمان بەعسیانە نەبێت، واتە من بەهەمان ئەو دیدەی کە ئەنفالی پێکرا، سەیری ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆساید بکەم شتێکی باشی لێ بەرهەم نایێت، ڕەنگە ئەودەمە کاردانەوەکەی من هەمان کاردانەوەبێت کەتاوانێکیتر

ئەنجام بدەم، بەومانایە نییە ئێمەنابێ لەتۆمەتبارانی ئەنفال بپرسینەوە، بەپێچەوانەوە من دەڵێم بەشێوەیەکی زۆر زۆر کۆنکرێتی ئەبێ بەدوای تۆمەتبارانی ئەنفال بگەڕێین، تەنهامەسەلەکەش لەدادگاییکردندانابێ، تەنانەت دادگاییکردنی ویژدانی حکومەتی عێراقی ئەگەرخاڵی زێرینی باس بکەین بەڕاستی نیازەکانی لەنیازی بەعس کەمترنین، ئەودیدەی کەدەوڵەتی عێراق ئێستا بۆکورد هەیەتی، راستەکورد خۆی پەرلەمانتاری هەیە، سەرۆکی کۆمارکوردە، جێگری سەرۆک وەزیران کوردە، کورد لەناودەوڵەتی عێراقدا پێکهاتەیەکی زیندووکارایە، بەڵام دیدوتێفکرینی دەوڵەتی عێراق هەتاکو ئێستا هەرئینکاریکردنی مافەکانە، وەکو ئەوەی کە بۆنموونە تاکو ئێستا ئامادەنییە داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکات یا لەوپێکهاتەیەی عێراقی بکات کە جینۆسایدکراوە.

**تەها سلێمان: ئەتەوێ بڵێیت کردەی جینۆسایدکردن لەعەقڵییەتی دامەزراوەی دەوڵەتی عێراقدا لەکات و ساتی رەوایەتیدان بەخۆی دەگەڕێ لەهەر چرکەیەکدا؟**




عومەر مەحەمەد: مادام ئامادەنییە کە داوای لێبوردن بکات، کەواتە پێی شەرم نییە جارێکی تر دووبارەی بکاتەوە، خۆ داوای لێبوردنەکە بەشێکی سیاسییە بەشێکی ئەخلاقییە هاوڕێ، حەز دەکەم ئەوە بزانی کە دەوڵەتی عێراق دێتە سەر ئەوەی داوای لێبوردن لەگەلی کورد ئەکات، دێت بەمەرسومێک یابەپابەندییەکی سیاسی رای دەگەیەنێت کەجارێکیتر ئامادەنییە ئەم تاوانە لەعێراق دووبارە بێتەوە، نەک هەرلەدژی کورد لەدژی هیچ پێکهاتەیەکیتر، بەڵام رەنگە بەشێک لەتێفکرینی ئێمەش یابەشێک لەکارکردنی ئێمەش کورتی هێنابێت لەوبوارەدا، بۆنموونە ئێمەنەمانتوانیوە بڕوا بەعەرەبە سوننەکان بکەین بابە داوای لێبوردن لەگەلی کورد سوودێک نییە بەتەنیا گەلی کورد سوودی لێ وەرگرێ، لەعێراقدا، تۆش سوودی لێ وەردەگری کە (حەسانە) دروست ئەبێ بۆپێکهاتەیەک بۆهەموو پێکهاتەکان دروستدەبێ، جارێکی تر سوننە ناکەوێتە بەرپەلاماری جینۆساید، خۆراستە زۆربەی کاربەدەستانی دەوڵەتی عێراق و حکومەتی بەعس سوننی بوون، واتە بەرپرسیارێتی یەکەم ئەکەوێتە ئەستۆی ئەوان لەتاوانی جینۆسایدی گەلی کورددا، بەڵام خۆ ئێمەنامانەوێ جارێکیتر سوننەکان جینۆسایدبکرێن، سوننەکان ئەنفال بکرێن، سوننەکان حکومەتی عێراق و دەوڵەتی عێراق جارێکیتر بێت لەسۆنگەی شەڕی تایەفی و مەزهەبییەوە چەکی کیمیاویان بەسەردا بکات نا بەپێچەوانەوە ئەگەر لەرابووردوو لەلایەن دەوڵەتی عێراقی "بەعس" شیعەو کورد جینۆساید کرابێتن، ئەمڕۆ باڵادەستی کورد یان شیعە یان سوونەو داوای لێبوردنکردن

بۆ ئەوەنییە تۆڵە بکەینەوە بەڵکو بۆدووبارە نەبوونەوەی تاوانەکەیە دژی هەموو پێکهاتەکانی عێراق.

**تەها سلێمان: ڕێکەوتننامەی ڕۆما ڕەنگە باشترین بەڵگەبێت ئەگەرحکومەتی عێراقی پەیوەست بێت پێوەی بۆئەوەی لەداهاتوو هیچ جۆرە تاوانێکی جینۆساید دژبەهیچ پێکهاتەیەک دووبارە نەبێتەوە؟**

عومەر مەحەمەد: زۆرجوان کورتتکردەوە، مەبەستەکە لێرەدا ئەوەیە تێگەیشتنی دەسەڵاتداری عێراقی ئەوەبێ کەکاتێک داوای لێبوردن لەگروپێکی جینۆسایدکراودەکات، کۆی کۆمەڵگای عێراقی سوودی لێوەردەگرێت، لەباری ئابڕومەندیشەوە بۆخۆی جوانترە، ئێستا دەوڵەتی عێراق شەرمەزاری بەردەم ئەوتاوانەبێ باشترە یا وەکوئەڵمانیا داوای لێبوردن بکات و کلتوری لێبوردەیی بێنێتە پێشەوە؟

**تەها سلێمان: ئەڵمانیا نامەی لێبوردنی حکومەتەکەی گەیاندوتە ئەوخانەوادانەی کەبەری کۆمەڵکوژی کەوتوون بەڵام ئێمە نەک داوای لێبوردن نەکراوە ئەوەتانێ ترسی دووبارە جینۆسایدکردنمان هەیە؟**

عومەر مەحەمەد: زۆر تەواوە، ڕۆشنبیری کوردیش ئەم عەڵیەتەی لا ئامادەنییە یاکەمتەر خەمەو ئیشی لەسەرنەکردووە، پەرلەمانتاری کورد کاری لەسەرنەکردووە، ڕۆشنبیری کورد کەمترین ئاوڕدانەوەی هەیە لەسەرئەم لایەنی لێبوردەییە لەبەرامبەر تاوانی ئەنفالدا، واتە ئێمە ڕاستە ڕەنگە تێکست و کتێب و نوسرابێ لەسەر ئەنفال، گۆڤارو بەرنامەی تەلەفزیۆنی هەیە، بەڵام دیدەکان بەم ڕوانگەیەدا نین کەئێمە بڕوا بەبەرامبەر بکەین بەوەی کەداوای لێبوردن لەگەلی کوردبکات، بەڵکو تەنها لەگەلی کوردنا لەهەرگروپێکی تری جینۆسایدکراو. خۆ شیعەکانیش کۆمەڵکوژکراون گۆڕی بەکۆمەڵ لەبیابان بەشێکی زۆریان شێعەکانن پرسەکەبۆ ئەوانیش دەگەڕێتەوە.

**تەها سلێمان: باسی بەشێک لەبەرپرسیارێتی حکومەتی عێراقی و دنیای دەرەوەو خۆمانکرد، ئەگەر ساڵ 1988 و 1989 و 1990 و پێشی 1988 و گەڕانەوە بۆ قۆناغەکان و دەیەکانی تری جینۆسایدکردنی گەلی کوردبێ، گەلی کورد لەڕووی میدیاییەوە نەیتوانیبێ یان پانتایی کارکردن لەبەردەستی فەراهەم نەبوبێ و نەیتوانیبێ کارلەسەر کۆی جومگەکانی جینۆسایدکردنی گەلەکەی بکات و هەموو ڕەهەندەکانی لێک بداتەوەو شیبکاتەوە بۆئەوەی دواتر کۆدەنگییەکی میللی لەسەردروست بێ، بۆ لەماوەی 26 ساڵی ڕابردوو میدیای حزبی و ناحزبی نەیتوانـوە ئەم کۆدەنگییە دروستبکات، لەکاتێکدا یەکێک لەئەرک و جومگە سەرەکییەکانی کارکردنی میدیا کارکردنە بۆدروستکردنی ڕای گشتی لەسەر هەرپرسێک لەوپرسانەی کەپرس و دۆسییەی گەورەن بۆنەتەوەکەی؟**




عـــــــومەر مەحەمەد: خـــــــۆی ئەمەش هەرئەمانباتەوە سەرئەوەی کەئێمە تاچەندلە ئەنفال تێگەیشتوین؟ تاچەند لەتاوانی جینۆساید تێگەیشتوین و دواجارتاچەند لەپێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ تێگەیشتوین؟ هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی قابیلی رەخنەیە هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی قابیلی ئەوەیە کەڕەخنەی زۆر توندی ئاڕاستە بکرێ، بەڵام ئەوانەی کەلەسۆنگەی ئەنفالەوە رەخنەکان ئاڕاستەی دەسەڵاتی سیاسی دەکەن رەخنەکان رەخنەیەکی ریشەدار نین، رەخنەیەک نیە کەلەڕاستیدا لەناوەوە دەسەڵاتی کوردی بهێنێتە بەردەم بەرپرسیارێتی، شۆڕنەبونەتەوە بۆناوتاوانەکان، بۆنموونە تێڕوانینی میدیاکارێکی کورد ئەوە تێناپەڕێنێت کەمووچەی ئەنفالکراوێک کەمە یاحکومەت کەمتەرخەمە وایە، بەڵام لەکاتێکدا حکومەت لەوەدا کەمتەرخەمە کەدۆسییەکە بەجینۆساید بناسێنێ، بودجەیەک تەرخان بکات بۆئەوەی کە بەڕاستی کارلەسەر بەفەرمی ناساندنی دۆسییەی جینۆسایدی گەلی کورد بکات لەسەرئاستی دنیا، بێگومان دوو ناسینیش هەیە ئەگەرحکومەتی هەرێم یا وەزراتی شەهیدان کاری نەکردبێ بۆئەوەی کەدۆسییەی جینۆسایدی کورد بەدنیا بناسێنێ، رەنگە ئەمە جۆرەناهەقییەک بێت پارەشی بۆتەرخانکردووە، بەڵام چۆن کاری بۆدەکات، جۆری ناسینی یەکەم ئەوەیە کەتۆ بەدنیا دەڵێیت من جینۆساید کراوم، کەپێم وابێ ئەم ئەرکەیان کراوە هەردادگای باڵای تاوانەکان و دیکۆمێنتەکان و شاهێدحاڵەکان زۆربەی میدیاکانی جیهان ئەمەیان گواستوەتەوە، ئەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی لەجیهاندا ناسراوە، کەکورد جینۆسایدکراوە، بەڵام ئەوەی کەماوەتەوە بەفەرمی ناسینییەتی بۆ نموونە پەرلەمانی ئەوروپا وەکوئەوەی لەپەرلەمانی سویدکرا، ئەگەرچی کۆمەڵێک تێبینیشی دروستکرد، ئەگەرحکومەت کەمتەرخەمە دەستەبژێرو رۆشنبیری کوردیش خۆی لەئاستێکی قوڵدا ئەم رەخنەیەی ئاڕاستەی حکومەت نەکردووە.

**تەها سلێمان: بەشێک لەبەرپرسیارێتی و کەمتەرخەمییەکەش هەڵدەگرێ؟**

عومەر مەحەمەد: بێگومان.

**تەها سلێمان: مەسەلەی موچەوئیمتیازاتی خانەوادەی قوربانیانی جینۆساید، پێت وانییە ئەمەئیتر بابەتێکی زۆر نالۆژیکییە دەخرێتە سەر رووی روپەڕی رۆژنامەو پانتایی کاری میدیایی لەبەرئەوە ئەمەنابێت ببێتە منەتێکی هیچ کەس و لایەن و دەسەڵات و کابینەیەکی حکومەت، چونکەئەمە مافەوئیمتیازەو مەسەلەیەکی رۆتینی ئیدارییەو یەکلایی کراوەتەوە،**

**ئەوەی کەگرنگە ئیشی لەسەربکرێ و ئیشی لەسەرنەکراوە، پرۆژەی جینۆسایدکردنی گەلی کوردە وەک پرۆژەی دامەزراندن تەنانەت تا ئاستی دەوڵەتیش؟**

عومەر مەحەمەد: بەرنامەکەمان لەسەرجینۆسایدە بەشێوەیەکی گشتی، ئەگەربێینە سەر خزمەتگوزاری کەمتەرخەمی تیایە ئێمەخوازیارین کەکەسوکاری جینۆساید، تەنانەت هەر هاوڵاتییەکیش لەئاستێکی باشدابژیت و بژێوی لەئاستێکدابێت چاوی لەموچەوە نەبێت، بەبڕوای من تاوانی ئەنفال یاجینۆساید تەنها ئابڕوی دەوڵەتی عێراقی نەشکاند بەپێچەوانەوە کۆی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەبەرامبەر تاوانی ئەنفالدا ئابڕوی شکاوە، ئێمە لەم دەرگایەمان نەداوە چی ئەبێ ئەگەرمن وەکوتاکێکی کوردبێ ئەوەی دەسەڵاتداربم و کەسیشم ئەنفال و شەهیدنییە، بەڵام رووبەڕووی بیانییەک ئەبمەوە لەباتی ئەوەی بەدەمییەوە پێبکەنم پرسیاری جددی روبەڕوو ئەکەمەوە. پێی دەڵێم دەوڵەتەکەت بۆ لەکاتێکدا کەسەدام ئەم بەشە لەمرۆڤایەتییەی بەکۆمەڵ دەکوشت بەچەکی قەدەغەکراویش بێ دەنگی کرد لەم تاوانە.

بۆچی ئەبێ برۆین هەرلەبرۆکسل ئەم ئەرکی ناسندنە بکێشین؟ ئەم وڵاتە پڕپڕە لەقونسوڵ، زۆربەیان بەشێوەیەک لەشێوەکان هاوکاری حکومەتی عێراقییانکردووە کاتی خۆی، ئەشێ خۆپیشاندانەکانمان لەجیاتی پەرلەمانی کوردستان بگوازینەوە بەردەمی ئەم قونسوڵخانەکان، بەڵام بەشێوەیەک کەئەوقونسوڵیانە توشی سەرسام بکەین. نابێت لاواز بیت و راستەتۆ قوربانیت بەڵام بۆپاڕانەوە ناچیت، لەبەرئەوەی تۆمافێکت هەیە بەسەرییەوە، ئێمە چوینە بەردەم قونسولی ئەڵمانیا لەسەرەتادا وای بۆدەچوون کەبەرد بارانیان بکەین و زۆر شتەکەیان قورس گرتبوو، بەڵام کاتێک لەگەڵ قونسوڵ رووبەڕوو بوینەوە هیوادارم ئەمە نەبێتە جۆرێک لەریکلام بۆ خۆمان قونسوڵ توشی شۆک بوو، ئەو پێش بینی نەدەکرد کەخەڵکێک هەبێت لەناوچە کیمیابارانکراوەکان بژی ئەم ئاستی پێش بینییەی هەبێت، مەبەستەکەم ئەوەیە کەئێمە ئەتوانین ئەگەرتەنها بە 5 خولەک وەستانیش بێت لەبەردەمی قونسوڵەکان میدیای دەرەوە گرنگیت پێدەدات، هەرئەو چالاکییە میدیای ئەڵمانی زۆر زۆر گرنگی پێدابوو، واتە ئێستاش کاریگەرییەکانی بەسەر دەوڵەتی ئەڵمانیاوە ماوە چەندجار داوای دانیشتیان کردووەو لەگەڵ چەندکەسایەتییەکی کورد دانیشتوون، بۆئەوەی بڕوا بەکورد بکەن کەئەڵمانیا دەستی نییە لەم تاوانەدا، تۆ رەنگە نەگەیتە ئەنجامێک ئەوەی کەئەڵمانیا داوای لێبوردن لەگەلی کوردبکات، رەنگە ئەمە کارێکی زۆر زەحمەت بێت، بەڵام خۆتۆ هەنگاوێکت بۆناوە سەرنجی میدیات بۆراکێشاوەو سەرنجی قونسوڵەکەشت بۆ راکێشاوەو بەلایەنی کەمەوە هەستێک لای ئەوقونسوڵخانانە دروست ئەکەیت کەمن لەوڵاتێکدا دەژیم خەڵکەکە ئاگای لەوەیە...

**تەها سلێمان: هەست ناکەیت ئیشی ئێمە لەم چوارچێوەیەدا بەردەوام کارێکی وەرزییە، پرۆسەی بەردەوام بوون لەمەکەمە؟ ئامادەگی نییە؟ ئەمە نابێتە هۆکارێک بۆنموونە ئەگەر تۆ لەبیست ساڵدا یەکجار بچیتە بەردەم قونسوڵخانەی ئەڵمانیا یاسوید؟ پێویستمان بەکارکردنی بەردەوام نییە لەم بوارە؟**

عومەر مەحەمەد: من وتم بەشێک ئەشێ کارێکی لەوبابەتەبکرێ، بێگومان گرفتەکەی کورد ئەوەیە کەلەوەرزدا ئـێش لەسـەرکۆی دۆسـییەکە ئەکـات، نەک هەربۆچـونە بەردەمـی قونسوڵخانەکان خۆپیشاندان ئەکات، تەنانەت هەرکارکردنی چالاکوانەکان خۆی وەرزییە، ئەمە گـرفتە، بۆنمـوونە کـاری ئـێمە کـاری دامەزراوەیـی نیـیە، بۆکـۆی دۆسـییەکە، بەردەوام بەدواداچونی هەبێت و لەکوێدا دەتوانێت بواری کار بدۆزێتەوە. ئێ باشە مارکس قسەیەکی زۆر جوانی هەیە دەڵێت کار مرۆڤی خولقاند، تۆ کەکارت کرد بیرت دەبێت و شتی تازە ئەدۆزیتەوەو رەنگە هەموو ئەو ئالییەتە کۆنانەی کەپێشترکارت پێکردوون، کەزانیت بەکەڵکت نـایە ئەیـانخەیتەلاوە، کەکـارنەکەین بەکەمـیش رازی دەبـین ئەمەگرفتەکەمـانە، جارێکیـان لەکەناڵێکی تەلەفزیۆنی قسەیەکم کرد کەخراپ لێکدانەوەی بۆکرا کەمن پێم وایە هێشتا قارەمان بـۆ ئەنفـال دروسـت نەبـووە، لەم بـوارەدا قارەمـان دروسـت نەبـووە، مەبەسـتەکەم لەوەبـوو کەلەڕاستیدا چالاکوانەکان نابێت ئەمە وەکو باشە فرۆشییەک بەسەر قوربانییەکان بفرۆشنەوە، ئەبێ ببێ بەکارێکی هەمیشەییان و لەکاری تاکەوە ببێتە کاری دامەزراوەیی.

**تەها سلێمان: مەبەستت ئەوەی کە چلاکوانی بواری جینۆسایدی گەلی کورد خۆی نەکاتە قارەمـان، بەسـەرقوربانی، بەقەدەرئەوەی ببێتەکەسـێکی چـالاک و بەبەردەوام کارلەسـەر جومگەکانی جینۆساید بکات؟**

عومەر مەحەمەد: بێگومان، من نامەوێ لەبەرئەوەی لەودۆسییەدا کارئەکەم فەزڵێکم هەبێت یاقوربانی واهەستبکات کەمن کارێکی زۆر زۆر گەورەم بۆکردووە، دواجارکەمن وەکو مرۆڤێک کارلەسەر ئەم دۆسیەیە دەکەم، وەکو کوردێک ئێش لەسەرئەوەناکەین چەندکەسی ئەنفالە پاشان چالاکوانی ئەنفالە یاچەندکەسی قوربانی جنۆسایدە پاشان چالاکوانی جینۆسایدە نائێمە کارلەسەردۆسییەیەک دەکەین کەدۆسییەیەکی نەتەوەیی و مرۆییە، ئەم تاوانە دەرهەق بەکورد دەرهەق بەمرۆڤایەتی کورد بەشێک نییە لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەگەر بەشێک نین ئەوە جیـاوازە تەنـانەت ئەم پرسیارەشـمان دەبـێ پرسـیارێکی زۆرجـددی بێـت بەرووی دیبلۆماتکارەکـان بەرووی دنیـای دەرەوە، ئەگەرئێمە بەشێکین لەکۆی مرۆڤایەتی و بەشمان لەکۆمەڵگـای مرۆڤـایەتی هەیە، ئێمەجینۆسـاید کـراوین مافمـان هەیە مەبەسـتەکە لەوەیە تێگەیشتنی رابردوومان بۆ ئەنفال بگۆڕینە سەرئاستێکی گشتگیرتر.

**تەها سلێمان: تۆهەموو جارێک ئەوەت ووتوە من کەسوکارم ئەنفال نییە، بەڵام کەرامەتم ئەنفـالە، بـۆچی کـورد یـاکۆی پێکهـاتەی کۆمەڵگـای کـوردی وا هەسـت نەکـات ئەنفـال و جینۆسـایدکردن پەلامـارێکی بەربەریـانە بـوو بۆسـەرکۆی کەرامەتـی کۆمەڵگەی کـوردی و لێرەشەوە کۆی کۆمەڵگەی کوردی بکەوێتە دنەدان و دۆزینەوەی شێوازی کارکردن لەسەر ئەم تاوانە، هۆکاری ئەمە خوێنساردی و هەستنەکردنە بەبەرپرسیارێتی یان بەدحاڵیبون و لێک تێنەگەیشتنە لەیەکتری لەسەرئەم پرسە؟**

عومەر مەحەمەد: لەدوای رۆشتنی بەعس لەهەرێمی کوردستان، ژینگەیەک دروست نەبوو بۆ ئەوەی کەقوربـانی بپەرژێتە سەرسارێژکردنی برینـی خـۆی یاسـەیرکردنی بـرینەکەی بزانێت

برینەکەی تاچەند قوڵەوشێوازی برینەکەی چۆنە، هەلومەرجێک لەئارادابوو بەتایبەت شەڕی ناوخۆ بەردەام شتێک دەخرایە ناوزیهنییەتی تاکی کوردەوە بەعس دێتەوە ئەنفال دەکرێینەوە، کورد لەترسدا مایەوە، تا روخانی بەعس لەدوای روخانی بەعسیشەوە هەلومەرجی ئابووری و شێوەی بەڕێوەبردنی ژیان پارەومادەو سامان بوو بەهەموو شتێک لای تاکی کورد، ئەمەکارێکی کرد کەبەڕاستی لەباری ئەخلاقییەوە زەربەیەکی زۆر زۆر گەورەی لێدان کەزۆر نەپەرژێتە سەرئەوەی کەئاوڕ لەئەنفال بداتەوە، من ئەمە بەخەلەلێکی زۆر زۆر گەورە دەزانم و جارێکیتر بەرپرسیاری یەکەم دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستانە. بۆنموونە ئەوەی کەحکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی پێ دەدات کێ بەچالاکوانی ئەنفال ئەزانێ و کێ بەچالاک دەزانێ لەوبوارەدا، کەمترین دەستگیرۆیی ئەو کەسانەی کردووە کەچالاکن لەوبوارەداو زۆرترین هاوکاری و باربۆی ئەوکەسانە کراوە کە کارێکیان بەخوێندنەوەی ئەنفالەوە نییە.

**تەها سلێمان: بۆچی ئەوانەی چلاکوانن 90% بەرەو سەرەوەیان لەنێو ژینگەی خودی قوربانییەکەوەو قوربانین کاردەکەن نەک ئەوانەی کە لەدەرەوەی ژینگەی قوربانییەکەن؟**

عومەر مەحەمەد: ئەوە مەرج نییە، بەڵام بەداخەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی زۆر زۆرخراپی نالەو بوارەدا، بەشێوەیەک لەشێوەکان وەکو لەمپەرێک لەبەردەم کۆمەڵێک چالاکوانی تر هەندێک لەقوربانیانی کەسوکاری هێنا، کردنی بەروو (واجهە) بۆ ئەوەی کەلەکاتی پێویستدا بەکاریان بهێنێت یاحزب، هەربۆیەش دەبینین ئەوجۆرە رێکخراوو کەسایەتییانە بەرێزێکی زۆر زۆرمەوە بۆیان هیوادارم بەزوترین کات واز لەو جۆرە چالاکییە بهێنن، هەموو ئەوانەی کەبەدەستکرد دروستکراون خێرێکیان نەدایەوە نەبۆ دۆسییەکە نەبۆ حکومەت و نەبۆکۆمەڵگای کوردیش، بەداخەوە کە وای لێهات، من وای نابینم دەبێ چالاوان سەربەکەسوکاری قوربانیان بێ و نموونەشمان هەیە زۆربەی ئەو کەسانەی کەزۆر زۆر چالاکن کەسیان ئەنفال نییە وەک عەدالەت عمر یەکێکە لەو ژنە چالاکانەی کەکارێکی زۆر ناوازەی کردووە لەسەرئەنفال و هیچ کەسێکیشی ئەنفال نەکراوە. هەڵبەت لەباری ئەخلاقییەوە من پێم باش نییە ناوبێنین لەناوقوربانیانی ئەنفال کەکەسوکاریشی ئەنفالەو بەچالاکوان ناسراوە، لەوبوارەدا تاچەند زەرەری لەودۆسیەیە داوە. من ئەم بەرپرسیارێتییەم بەبەرپرسیارێتی حکومەت دەزانم بازۆر زۆر بەراشکاوی بڵێین رەنگە قسەیەکی زۆر زۆر قورس بێت حکومەت بەرپرسیاری یەکەمە لەوەی کەکەسێک لەبەرئەوەی کەسوکاری ئەنفالە رێگەی بۆبکاتەوەو زەمینەسازی بۆبکات بۆئەوەی کە کەسوکارەکەی وەکو کارت بەکاربهێنێ بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی.

**تەها سلێمان: بەداخەوە ئەگەر وابێت.**

عومەر مەحەمەد: بێگومان هەیە، ئەمە کارێکی زۆر زۆر خراپە.

**تەها سلێمان: تۆهەست ناکەیت چ حزب و چ دەسەڵات لەکوردستان بەهەمان شێوازی کۆمەڵێک ڕێکخراوو گروپ و دەستەی تر، ڕێکخراوی سێبەریش لەم بوارە هەبوە بۆ ئیشکردن لەسەرجینۆساید یان هەوڵی دروستکردنی ئەوجۆرە ڕێکخراوە دراوە دروستبکرێ، کە بەرلەهەمووشتێک زیان بەدۆسییەی جینۆسایدکردن و ناساندنی لەسەر کۆی ئاست و ڕەهەندەکانی پێدەگەیەنێت؟**

عومەر مەحەمەد: زۆر بەداخەوە کەوایە، ئێستا دەیان ڕێکخراو بەناوی ئەنفال و جینۆسایدەوە دامەزراوەو هەندێکیان بودجەش لەحکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن تەنانەت ئیشی من و تۆشە بپرسین چیتانکردوە بۆنموونە لەماوەی 2012 بۆ 2013 چالاکییەکانتان چین.

**تەها سلێمان: ئەگەرحکومەت لەبری ئەوەی ڕێکخراوی سێبەردروستبکات، دامەزراوەیەکی پرۆفیشناڵی ئەکادیمی بەرفراوان بەهەموو پێداویستییەکانییەوە کەتائێستا ئامادەگی نییە دروستبکات باشترنییە لەمە؟**




عومەر مەحەمەد: هەڵبەت پرسیارێکی زۆر سادەیەو وەڵامێکی زۆر سادەیەو ئەبێت بڵێن بەڵێ، بەڵام ئەوە کەپەیوەندی بەدامەزراوەوە هەیە بودجەیەکی ئەوێت، ئەبێت حکومەت بچێتە ژێرباری ئەوەوەو دروستیشی بکات، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بەکاری مەیدانییەوە هەیە من لێرەدا دژی ئەوەم کەڕێکخراوێکی تایبەت بەجینۆساید، ئەبێ خۆبەخش بێت تەنها ئەوەندە نەبێت وەکو هەرکەسێکی ئاسایی ئەم وڵاتە پێویستییەکی بەبژێوییەکەو تەواو، پێویست ناکات ڕێکخراو بودجەیەکی هەبێت.

**تەها سلێمان: تۆ هەست ناکەیت بەشێک لەوڕێکخراوانە ئەرکیان کۆتایی پێهاتبێت لەبەر ئەوەی ئەگەرپەیامی ڕێکخراوێک دابینکردنی خانوو زەوی نیشتەجێبون و مووچە بوبێت بۆ کەسوکاری قوربانیان، ئەوە زۆرێک لەوشتانە کۆتاییان هاتوە؟**

عومەر مەحەمەد: گرفتێکی ترهەیە ڕێکخراوێک لەگەرمیان یەکێک لەهەڵبجەو یەکێک لەبالیسان تەنها کارلە دۆخی ناوچەکەی خۆی دەکات، کەباش نایکات. لەکاتێکدا ئێمە باس لەئاستی نێودەوڵەتی تاوانەکە دەکەین، ئێمە پێویستمان بەپابەندییەکی ئەخلاقییە بەپێی زانیاری من هەموو جولەکەیەک ئامادەیە خۆی ببەخشێت بۆدیکۆمێنتکردنی ئەوتاوانەی کەدەرهەق بەجولەکەکرا، بەڵام کام چالاکوانی کورد ئامادەیە بەبێ وەرگرتن کاربکات. ئەمە گرفتەکەیە ئەمەبەراستی پرسیارێکی زۆر زۆر گرنگەو پێویستەو ئەبێ زۆر زۆر بەجددی ئیشی لەسەربکەین.

**تەها سلێمان: ترسناکیشە ئەگەر وانەبێت؟**

عومەر مەحەمەد: لەباری بنیاتنانەوەی کۆمەڵگادا ئەبێ ئێمە ئەم ئامادەگییەمان هەبێت، چی ئەبێت هەموو کارێکمان بۆ ئەنفال خۆبەخش بێت، من فەرمانبەرم لەفەرمانگەی کارەبا یان هەرشوێنێکی تری حکومی تۆموچەی خۆت هەیە، بەڵام کاکە لەهەفتەیەکدا تەنها 2 کاژێر تەرخان بکە بۆکارکردن لەم بابەتە نایکەین بەداخەوە.

**تەها سلێمان: لەراپەرینی 1991 ەوە تائێستا کۆمەڵێک ئەزموونی کارکردن هەیە لەبواری میدیا لەسەرئەنفال یابەرزانییەکان یافەیلییەکان و جینۆسایدی گەلی کورد، بەشێوەیەکی گشتی گۆڤارو بڵاوکراوە دەرچووە وەک چۆن دەبنین لە4/14دا کە دەرۆیتە رێورەسمەکان رەنگە بەیەکجار 10 بڵاوکراوە بخرێنەسەرمێزەکەی بەردەمت، کەمن بۆ خۆم ئەمە بەدیاردەیەکی زۆر بەتەندروستی نازانم بەڵام دروستیش نیە، بۆچی ئەزمونی کارکردن لەم بوارە پانتایی تایبەت بەجینۆسایدکردنی گەلی کورد ئەمەش دیسان بەشێوەیەکی وەزرییە، خۆئەگەر وتمان دەسەڵات بەرپرسیاربێت لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی وەرزی بیرلەکارکردن لەم چوارچێوەی جینۆسایدو ناساندنی دەکاتەوە، خۆئەمانەی کەئیش لەسەرئەم گۆڤارو بڵاوکراوەو نوسینانە دەکەن، بەلانی کەم خەڵکی خوێندەوارو شارەزاترن، بۆچی ئەمەش ئەو شێوە وەرزییەی وەرگرتووە؟**

عومەر مەحەمەد: زۆربەداخەوە، بێگومان هەڵبەت هۆکاری خۆی هەیە، لاموبالاتی و بێ باکی و خەمساردی و جارێکیتر تێنەگەیشتن لەتاوانی ئەنفال، ئەوەی کەبەرێزت باستکرد کەبەکارێکی باشی نازانیت من بەکارێکی زۆر خراپی دەزانم، لەبەرئەوەی یەکەم زۆربەی بڵاوکراوەکان لەیەک ئەچن و لەوەش خراپتر هەندێکیان هەرهەمان ئەوبابەتانە بڵاودەکەنەوە کەیەکێکیتر بڵاوی کردوەتەوە، لەگەرمیان میدیاکارێک پەیوەندی پێوەکردم چیرۆکێکی واقیعی بۆبنێرم کەمن خۆم لەسلێمانی ئەژیم بیهێنەرە پێشچاوی خۆت من لەسلێمانیەوە بچم دیکۆمێنتی بکەم لەگەرمیان کەخۆی رەنگە خەلکی گووندەکە یان نزیک لەگووندەکە بێت.

**تەها سلێمان: واتە لەسلێمانییەوە عمر محمد بچێ بۆگوندێکی گەرمیان چیرۆکێکی راستی دیکۆمێنت بکات لەبارەی ئەنفالەوە تایبەت بەگەرمیان و بۆ بڵاوکراوەیەک کەلەگەرمیان دەردەچێت؟**

عومەر مەحەمەد: رەنگەخۆی دراوسێی بێت رەنگە دایکی خۆی بێت، لەکۆڕێکدا لەگەرمیان پرسیارێکم لێکرا وتیان تۆ دەستت خۆشبێت کارتکردووە، بەڵام وا دامانن‌ا تۆسەد چیرۆکی ئەنفالت تاکوئێستا دیکۆمێنتکردووە، کەلەماوەی ئەم 10 ساڵەدا 1000 دانەت بکردایە، هەر لەکۆڕەکەدا بۆئەو بەڕێزە هەرئەم وەڵامەم بوو کەئێستا ئەیڵێم من لەسلێمانییەوە یەکێکیتر لەکەرکوکەوە یەکێکیتر لەهەرکوێیەکی ئەم دنیایەوە بێت بەڵام تۆخۆت لەکەلار یەکێکیتر لەبالیسان هەریەکێک لەخوێندەواران و لەمیدیاکاران نەک لەهەمووتاکێک تەنها یەکدانە چیرۆکی دیکۆمێنت بکردایە لە1988ەوە تاکوئێستا ئێمەخاوەنی خەرمانێک کاری دیکۆمێنتاری بوین و جگە لەوانەی کەئێمە لەگەڵ مردنی هەرکەسێکمان چیرۆکێیشمان ئەمرێ، چەندکەسیان تائێمە فریاکەوتین و چیرۆکەکانیان مرد، ئایا ئەمە ئەرکی ئەخلاقی نییە ئەی کەمتەرخەمییەکە چییە؟ ئەوەحکومەت کەمتەرخەمبوو پارەی نەدایتێ، ساڵی 2009 من لیژنەی باڵای یادی مەراسیمی ئەنفالبووم کەمن خۆم فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانم لەسلێمانی ئەچوینە هەرکوێیەک ئەم جۆرە لەمیدیاکار داوای پارەیان دەکرد بۆدەرکردنی بڵاوکراوەو گۆڤارەکانیان، لەکاتێکدا کەخۆم لەهەمان لیژنەبووم ئەشمتوانی پارە وەربگرم بۆگۆڤاری ئەنفالستان نەمکرد، بەگومانەوە سەیری ئەوەیان دەکرد کەمن پارە وەرناگرم لەحکومەت، لەکاتێکدا میدیاکارێک کەلەرزگاری یابالیسان یالەهەڵەبجە دەژی ئەگەرجورئەتی ئەوەی نەبێ کۆمەکێک کۆکاتەوە بۆئەوەی کەرۆژنامەیەک دەربکەیت کە 16 لاپەرەیە بودجەیەکی بۆ پەیدابکات تەنانەت لەکەسوکاری قوربانیان خۆی لەبەرئەوەی کارێکی زۆر شەرەفمەندانەترە، من ناڵێم ئەرکی حکومەت نییەو ناشڵێم پارە وەرگرتنیش عەیبە، قسەکە لەسەرئەوەیە مشتومڕی ناوێ کە من ئەم پارەیە بەشم ناکات و ئەکات، خەڵکێک لەهەڵبجە ئەژی داوایان لێ ئەکەم بەوەی کە ئێمە پڕۆژەیەکی وادەکەین لەسەردەستەجەمعییەک، بۆئەوەی ببێت بەئەرکی کۆمەڵایەتی هەموومان، تۆکابرایەکی رۆژنامەنوسی ئەرکەکە ئەکێشی، بەڵام من رۆژنامەنوس نیم و نازانم بنوسم خۆئەتوانم لەداهاتەکەی خۆم 1%ی ببەخشم بەتۆ، بۆئەوەی بەشداری نوسینەوەی مێژووی خۆم بکەم، ئەتوانم بەڵگەیەکم لایە نەیفرۆشم بیدەم بەتۆ بۆئەوەی کە لەفەوتان رزگاریبێ، چونکە دواجارکاری دیکۆمێنتاری کاری زۆر زۆری ئەوێت.

**تەها سلێمان: ئەزمونی گۆڤاری ئەنفالستان چی پێ وتیت وچ رێگایەکی پیشان دایت و چۆن ئەزمونەکە فراوانترکەینەوە، بۆسەرتاسەری کوردستان، بەئامانجی ئەوەی پێشوو کەباسمان کرد ببێتە هۆکارو پاڵنەرو شێواز بۆناساندنی کۆی رەهەندەکانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد لەسەر ئاستی دنیا؟**

عومەر مەحەمەد: زۆر سوپاس بۆ ئەوپرسیارە، لەڕاستیدا ئەنفالستان زۆرشتی پێبەخشیم ئەتوان بڵێم گرنگترین ئەزموونە لەژیانی مندا، چونکەلەدوای تەمەنێکی زۆر دەستم برد بۆ ئەمکارەو دوای ئازادکردنی عێراق لە 2003 وە بوو، لەدوای 1991ەوە دەستم بەوکارە نەکرد، بەلانی کەمەوە توانیم هەندێ گرێکوێرە هەیە کەلەناو قوربانیان و کەسوکاری ئەنفالدا هەیەو حکومەت هەیە ئەوکاتە دوو ئیدارەیی بووەو ئێستاش کەحکومەت بوەتەوە بەیەک

ئیداره، هەندێ گرێ هەیە ئەتوانم بیکەمەوە، هەندێک داوا هەیە رەوا نییە هەندێک کارهەیە حکومەت کردویەتی، بەڵام قوربانی هەڵە لێی تێئەگات و حکومەت خراپ ئاڕاستەی کردووە، بۆ نموونە من لەوێ هەر قوربانییەک ئەگرم کە دەڵێ هیچم بۆ نەکراوە، لەکاتێکدا دەبینم موچەیەکی هەیە، کەواتە نابێ ئێمە تاک رابێنین تەنها لەبەرئەوەی قوربانییە سەرفی نەزەری لێ بکەین، فێرببێت شتی ناڕاست بڵێ، حکومەتیش ئەڵێ هەموو شتێکیان بۆدەستەبەرکراوە، ئەمەگرفتێکی زۆر زۆر گەورەیە، تێگەیشتم لەوەی کەهێشتا هەندێ لەقوربانیان کەمتەرخەمن لەپێدانی زانیاری لەسەرتاوانەکەی خۆیان جابەهەر هۆکارێک بێت، تێگەیشتم لەناوقوربانیان خۆیاندا دواجار قوربانیاینی ئەنفال هەر پیرەژنەکان نەبوون هەرپیرە پیاوەکان نەبوون ئەومندالانەبوون کەلەنوگرەسەلمان گەڕانەوەو ئێستا زانکۆیان تەواوکردوەو پارێزەرو پزیشک و رۆژنامەنوسن، من قوربانی ئەنفال ئەبینم رۆژنامەنوسە، بەڵام ئامادەنییە کارلەسەر ئەودۆسیەیەبکات. ئەمەش مافێکی رەوای خۆیەتی رەنگە بڵێم من هەرنامەوێ ئەودۆسییەیە بخوێنمەوە، بەڵام ئەیبینم رۆژنامەنوسە لەوەتەی کەناڵێکی راگەیاندنی هەیە تەنها نمایشی یەک پیرەژن ئەکات لەکاتێکدا گەرمیان هەمووی ئەنفالە، مەبەستم ئەوەیە کەهەرساڵێک باناوی شاشەکە نەهێنم لەیادی ئەنفالدا پورە فلان ئەگری و قسەئەکات، واتە ئەمە کراوەتە پاڵەوانی شاشە، گۆڤارێکم هەیە ساڵانە دەرئەچێ جاوەرە تۆکەناڵێکی میدیایت هەبێ رۆژانە کاردەکات، دراوسێکەی وەکو ئەو چووە بۆ نوگرەسەلمان و قوربانی داوەو چیرۆکی پێیە، بەڵام ئەو هەموو ساڵێک لەتەلەفزیۆن دەرئەکەوێ، بەڵام کەسێک نییە ئاوڕلەو بداتەوەو گوێی لێبگرێ ئەمە گرفتێکی زۆر زۆر گەورەیە.

**تەها سلێمان: دوا پەیامت؟**

عومەر مەحەمەد: پەیامم ئەوەیە کەئێوە بەردەوامبن و دەستتان خۆش بێت و برادەرانی تر لەراگەیاندنەکان، لەکەناڵەکانی تردا، بەڕاستی گرنگی بەجینۆساید بدەن و پەیامێکی ترم ئەوەیە کە ئیتر لێرەوە بەس بێت کەس بەتاوانی ئەنفال نەڵێ کارەسات لەبەرئەوەی ئەشێ بومەلەرزەیەکیش کارەسات دروست بکات وکەسیش دادگایی نەکرێت لەسەری واتا روداوێکی لافاوو ئاگرکەوتنەوە رەنگە کۆمەڵکوژیش بخەنەوە بەڵام جەلادەکانیان کێن وکێی لەسەر دادگایی دەکەی ؟ پەیامێکی ترم ئەوەیە کەوا ئیدی میدیای کورد بەکەسوکارەکەی نەڵێت پاشماوەی ئەنفال، مێژووی روداوەکانیان نەشێوێندرین و وەکو خۆی باسبکرێ، پەیامێکی ترم ئەوەیە ئێمە زۆر مرۆڤ دۆست بین تەنانەت لەگەڵ دوژمنەکانیشماندا واتا لەگەڵ ئەنجامدەرانی تاوانی ئەنفالیشدا نەرم بین ، بەڵام لێیان نەبورین وخۆراگربین.